# خۆکوشتنی بەرزان هەستیار لە شیعری (کە بەرزان هەستیار-یش دەمرێت)

ئارام سدیق - سلێمانی

سۆمەرست مۆم قسەیەکی هەیە دەڵێت: تەنیا هونەرمەندان مرۆڤی ئازادن. ئەم قسەیەی "مۆم" بۆ نوسەران وشاعیرانیش دروستە، چونکە تەنیا ئەوان دەتوانن...

سەرەتا

سۆمەرست مۆم قسەیەکی هەیە دەڵێت: تەنیا هونەرمەندان مرۆڤی ئازادن. ئەم قسەیەی "مۆم" بۆ نوسەران وشاعیرانیش دروستە، چونکە تەنیا ئەوان دەتوانن بەو شێوەیەی کەدەیانەوێت گوزارشت لەودنیایە بکەن کەدەیانەوێت وئازادانە بیربکەنەوە وبنووسن. پێمولیە نووسین یەکەمین هەوڵی مرۆڤە بۆ قوتاربوون لەدەست کۆیلەیی ویەکەمین شوێنێکشە کە ئازادی رەهای تێدابێت نووسینە. ئەگەر کردەی نوسین نەبوایە ئێمە نەماندەتوانی ئەو هەموو نهێنیەی ژیانی(ژان ژاک رۆسۆ) بزانین، یان نەدەگەیشت بەئێمە، یان راستر بڵێین ئەگەر نوسین نەبوایە ئەو هەموو ئازادییەی رۆسۆلە یاداشتەکانیدا بۆئێمەی تۆمار کردووە، کە بەشێکی زۆری ئێمە دەتوانین سودی لێوەربگرین نەدەگەیشتە ئێمە. ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینەیە قسەکردن نیە لەسەر(نوسین وئازادی)، بەڵکو قسەکردنە لەسەر شیعرێکی بەرزان هەستیار بەناوی (کەبەرزان هەستیار-یش دەمرێت) کەئەو بابەتەی لەسەرەوە ئاماژەمانپێدا لەو شیعرەدا رەنگی داوەتەوە. من پێشتر لەسەر چەند شیعرێکی تری ئەم شاعیرە قسەم کردووە وئەم شیعرە درێژەپێدانی ئەو ئەزموونە شیعریەیە کەپاش دیوانی(بەتەنیش فەنابوونەوە) بڵاوی کردنەتەوە و دەتوانین بڵێین هەمان نەفەس وئەجوائی کارکردنە لەتەک مەرگدۆستی وهەڵبژاردنی مەرگ ونەفرەتکرن لەژیان. ئەوەی بەرزان هەستیار لەشاعیرانی هاوسەردەمی جیادەکاتەوە ئەو رەشبینیە قوڵەیە کەزمانێکی تایبەت وجودا لەهاوسەردەمەکانی گوزارشت پێدەکات. زمانێک کەجودایە لەزمانی(هیوا قادر ودلاوەر قەرەداغی) وئەو زیاتر زمانێکی شوشەیی،

یان شەفافیان هەیە، بەڵام لای بەرزان هەمان زمان، بەڵام لەناو تەمومژی عەدەمیەت ونائارامی، لای هیواو دلاوەر ژیان دۆستیەکی قوڵ و لای بەرزان تادوانەفەس مەرگدۆستی. لەگەڵ زمانەشدا هەست بەو تارماییەی دنیای گلۆبالیزم ورەنگدانەوەی زمانی نێو دنیای هاوچەرخ دەکەین.

قسەکردن پاش مەرگ

ناوەرۆکی ئەم شیعرە(کە بەرزان هەستیاریش دەمرێت) وەک لەناونیشانەکەیەوە دەیبینین باس لە مردنی مرۆڤێک دەکات. سەرەتا بەرزان دەنوسێت:

نامەکان ئەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان،

سندووقی پۆستەکەم ژەنگ دەیخوات،

کەس وەڵامی "ئیمێل"ێکی لە منەوە پێناگات

لێرە نیم.

لەمەوە تێدەگەین ئەوەی لەم شیعرەدا دەخرێتەروو ژیانی پاش مردنە، یان راستر بڵێین پاش مردنی بەرزان نامەکان ئەگەڕێنەوە بۆخاوەنەکانیان وئەو لێرە نییە. دەکرێت لێرەوە قسە لەوەزیفەی شیعر بکەین لای بەرزان، کەمن کۆی قۆناغی شیعری ئەم پیاوە بۆسێ قۆناغی دابەش دەکەم قۆناغی یەکەم کەدیوانی(نەوەیەک پیرەمنداڵ)ی تێدا نوسرا لەو قۆناغەدا بەرزان زیاتر هەوڵی موخاتەبەکردنی بەرامبەردەدات وکەمتر دەیەوێت گوزارشت لەخۆی بکات ولە حاڵەتانەش گوزارشت لەخۆی دەکات بەشێوەیەکی سەرپێیانەیە. قۆناغی دووەم دەکرێت لەدیوانی(بەتەنیش فەنابوونەوە) ببینینەوە لەم قۆناغەدا بەرزان گوزارشتەکەرێکی بەتواناترە لە(ئەو) وەک بوویەکی شیعری هەروەها گوزارشتکەرێکی چالاکیشە لە خۆی. جیاوازی نێوان ئەم دووقۆناغە دەکرێت تەنها لەوەدا ببینەوە کە لەقۆناغی یەکەمدا هەست بەکاڵ وکرچی گوزارشتەکانی بەرزان دەکرێت هەم لە(ئەو)ی شیعری وهەم لە خودی خۆیشی، بەڵام لەقۆناغی دووەم دا کامڵی پێوەدیارە. هەروەها گوزارشت کردن لە(خود) لە قۆناغی دووەمدا رەنگدانەوەی زیاتری هەیە، واتە لە قۆناغی یەکەمدا وێنەکان کاڵن و لە قۆناغی دووەمدا وێنەکان تۆخ دەبنەوە.

قۆناغی سێیەمی ئەزموونی شیعری بەرزان هەستیار لە دوای دیوانی دووەمەوە دەستپێدەکات واتە لە شیعرەکانی (ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن، چەند ساتێکی نیگەرانی دەنوسمەوە، مردن لێرەوایە قوربان..هتد) لەم شیعرانەدا کە لە دایکبووی دوای ئەو دوو دیوانەی سەرەوەن و ئێمە وەکو قۆناغی سێیەمی شیعری ئەم شاعیرە ناوی دەبەین و هەست بە کامڵبوونی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەکەین و تا دەگاتە ئەوەی نزیک ببێتەوە لە زمانێکی شیعری سەربەخۆ، هەروەها (خود) لە شیعرەکانیدا تۆخ دەبێتەوە و

(ئەو)ی شیعری کاڵ دەبێتەوە. واتە دەمەوآ بڵێم لە قۆناغی سێیەمدا بەرزان بە ناخی خۆیدا ڕۆدەچێتە خوارەوە، یان دروستر بڵێم فەلسەفەی عەدەمیەت باڵ بەسەر کۆی قۆناغی شیعری ئەم شاعیرەدا دەکێشێت و بەتایبەت لە شیعری (چەند ساتێکی نیگەرانی دەنوسمەوە) لەگەڵ ئەم شیعرەی کە ئێمە لێرەدا لێی دەدوێین. دیاریکردنی ئەم قۆناغانننەلای ئەم شاعیرە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کۆی مەبەستی ئەم نوسینەیە. لای بەرزان شیعر لەگەڵ هەر قۆناغێکدا تەفسیری نوێ وەردەگرێت هەر ئەمەشە بۆتەهۆی ئەوەی پێناسەی شیعر لای ئەم پیاوە بەردەوام لەگۆڕاندابێت. شیعر بۆ بەرزان ڕەنگە نووسینەوەی ئەو چرکە پەنهانانەی ژیان بێت کە لەساتی فەرامۆشکردندان. واتە شیعر نوسین لای بەرزان پەلەقاژەی نوسینەوەی ساتە زێڕینەکانی تەمەنە. مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە ئەوەی ژیانی خۆش نەوێت ناتوانێ ئەوەندە باسی مەرگ بکات، یان زۆر ڕقی لە ژیانە، بۆیە باسی دژەکەی دەکات کە هەڵبژاردنی مەرگە.؟ بەختیار عەلی دەڵێت: شیعر کردەیەکی وێرانکاری نییە وەک هەندێک تێی دەگەن، شیعر تێکشکاندنی خودی سروشتی مرۆڤ نییە بۆ ئەوەی خودێکی شیعری دەستکردی لێدروست بکەین، من باوەڕم بەوە نییە کە فاسیلەیەکی گەورە بکەوێتە نێوان خودی شیعر و خودی ڕاستەقینەی شاعیر. شیعر تێکشکاندنی خود نییە تا لەسەر دارو پەردووە وێرانەکەی شتێکی بسازێنین، بەپێچەوانەوە شیعر گەورەکردنی خودی ڕاستەقینەیە و بەخشینی تایبەتمەندیەکە کە خود پێش شیعر نییەتی.

پێموایە کارکردنی بەرزان لەقۆناغی سێ یەمی ئەزموونی شیعریدا بۆگەورەکردنی خودنیە، بەڵکو پیشاندانی خودی ڕاستەقینەیە، کەئەو ویستویەتی خودێکی ڕاستەقینەی شیعری وێنە بکات. ئەگەر سەرنج لەم نموونەیە بدەین کە بەرزان دەنوسێت:

من بە خواستی خۆم لام دایە...

ئەم باڵەخانە داڕووخاوەی "مردن"

پێم چاک نەبوو ئیزرائیل غافلڕگیرم کات،

زیستم بەخۆم هەواڵی ئەوێندەر بزانم و

پرسیارەکان لە "ئینکیر و مونکیر" بدزم

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوەکە شاعیر دەیەوێت گەمەیەکی ئەفسانەیانە بکات وئەوە دەخاتەروو بەخواستی خۆی مەرگی هەڵبژاردووە وئەمەش لەپێناو کەشفکردنی نهێنیەکانی پاش ژیاندا بووە وەک خۆی ئاماژەی بە دزینی پرسیارەکانی ئینکیرو مینکیر داوە.

لەمیوانداری مەرگدا

بەرزان دەیەوێت ئەو سنورە نەبەزێنراوە ببەزێنێت کە مرۆڤەکانی تر توانای بەزاندنیان نییە و ئەو دەیەوێت بەرێگایەکدا بڕوات کە ئەوانی ترپێیدا گوزەریان نەکردبێت. شاعیر دەنوسێت:

خۆشە ئینسان، بۆ جارێکیش بێت...

سەروەری بنێتە ژێرباڵی خۆی و

بە کەیفی خۆی ئەو مەرزانە ببەزێنێت

کە ئەوانی دی ناوێرن خۆیانی لە قەرە بدەن

ئەم چەند دێڕە تەواو گەواهی ئەو رستەیەی سەرەوە دەدات، بەڵام ئەم شیعرە نزیکیەکی تارادەیەک رۆحی لەگەڵ چیرۆکی نەمری "عەتا محەمەد"دا هەیە. عەتا لەو چیرۆکەدا ئینتەرنێت وەک دنیایەک بەکار دەهێنرێت و دەکرێتە ئەفسانەیەک، یان دەبێتە سەرزەمینێک بۆ خولقاندنی ئەو ئەفسانەیەی کە هاوەڵی کردنی مەرگە. واتە لەڕێی خولقاندنی ئەفسانەیەکەوە واقیعێک بەرجەستە بووە، کە چوونی مرۆڤە بۆ نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و گەمە کردن لەگەڵر پێکهاتەکانی ئەو دنیایەدا.

لەو چیرۆکەدا کارکردنی عەتا فرە رەهەندو قوڵە. ئەو دەیەوێت لەو چیرۆکە کورتەدا، وەڵامی ئەو پرسیارە وجودیانەی مرۆڤ بخاتەڕوو، کە پرسیاری هەمیشەیی مرۆڤن. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی ناوی (نەمری)ە، بەڵام پتر لە گێڕانەوەی چیرۆکی (مەرگ) دەچێت، چونکە مەرگ بەشێوەیەکی دیار و وەک کارەکتەرێکی سەرەکی چیرۆکەکە، خۆی نمایش دەکات و دەبینرێت و هاوڕێیەتی دەکرێت و قسەدەکات.

بەرزانیش لێرەدا دەکەوێتە نێو مەرگی فیزیکی لەگەڵ مەرگ وداوای بەخشندەیی لێدەکات. خاڵی هاوبەشی نێوان چیرۆکەکەی عەتاو شیعرەکەی بەرزان لەوەدایە کەلەهەردوو حاڵەتەکەدا قسەکردن لەگەڵ مەرگ هەیە، واتە مەرگ وەک کارکتەرێک ئامادەیی لەنێو دەقدا هەیە. "عەتا محەمەد" لە رۆمانی(گێلاسی خوێن)یشدا قوڵتر لەم مەسەلەیەدا کاری کردووە و(مردن وهاورێکەی) دووپاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەن وتەواوی رۆمانەکە لەسەر شانی ئەودوانە(مردن وهاوڕێکەی) بیناکراوە. بەرزان لەم شیعرەدا نەیتوانیوە هێندە قوڵ رۆبچێتە نێو ئەو وردەکاریانەی گەمە لەگەڵ(مەرگ)دا بکات. ئەمەش بۆئەو سنور بەندیە دەگێڕتەوە کەمن لەنوسینێکی پێشترمدا لەسەر چیرۆکی نەمری عەتا محەمەدم نوسی بوو. لەوێدا ئەوەم خستبووەڕوو کە دنیای چیرۆک یەکێکە لەو دنیایانەی کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. لەچیرۆکدا دەتوانی ناکۆتا گریمانەی جیاجیا بخەیتەڕوو. هەم لە گێڕانەوە و دەستکاریکردنی مێژوو بۆ خولقاندنی دنیای نوآ، هەم بۆ نوسینەوەی ئەوە دنیایەی، کە تێیدا دەژین، کە ئەم حاڵەتە تاڕادەیەک لە قودرەتی شیعردا نییە، یان بابڵێین

شیعر شانی هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە. دەشێ ئێمە لەشیعردا گوزارشت لەزۆر شت بکەین و زۆر هێماو دەلالاتی تایبەتمەند بەکاربهێنین و زۆرترین قورسایی ئازارو خەونەکانمانی بخەینە ئەستۆ، بەڵام دواجار لەشیعردا سنوربەندی هەیە، بۆیە زۆربەی شاعیرە دیارەکانی دنیا، هەوڵی تێکشاندنی ئەو سنورانە دەدەن و دەیانەوێت لەڕێی (رۆمانە شیعر- پەخشانە شیعر..هتد) زیاتر گریمانەکانی نێوان بوون و مەرگ بخەنەڕوو. ئەم حاڵەتەش لای چەند شاعیرێکی کورد رەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە.

بەرزان دەنوسێت:

"مردن" بۆ یەکجاریش بێت لە ژیانتا...

کەمێک بەخشندەیی بنوێنە و

دەنکێک مرواریم لە گەنجینەی نهێنیەکانت بدەرێ

با، دەست بەتالڕ نەڕۆمەوە،

"مردن" کەمێک بەخشندەیی!!!

میوانم لەلات، "مردن" وەلێ میوانێکی دز

بۆم بلوێت زەخیرەی هەموو تەمەنت فەرهوود دەکەم.

بەرزان دەیەوێت میوانداری مەرگ بکات و خۆیشی ئەمەی بەخواست هەڵبژاردووە ودەیەوێت لەتەک مەرگدا کەمێک ئاسودەیی وکەمێک بەخشندەیی دەست بکەوێت، لەژیان تێیدانەماوە. لێرەوەتێدەگەین کەبوونە میوانی مەرگ لای بەرزان میوانێکی ناچارانەیە و لەبێ بەهای ژیانە ئەو پەنای بۆ مەرگ بردووە وداوای(ئاسودەیی و بەخشندەی) لێ دەکات.

چێژوەگرتن لەخۆکوشتن

بەرزان ئەگەرچی لە راستیدا توانای ئەنجامدانی خۆکوشتنی نیە، بەڵام لەدەقەکانیدا چێژێکی زۆر لەخۆکوشتن وەردەگرێت هەرئەو چێژەشە دەیگەیەنێتە ئەوەی مامەڵە لەگەڵ مەرگدا بکات وبکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیدا ورازی دڵی بۆبکات، بەڵام ئامادەیی نیە ببێتە کۆیلەی، ئەو دەنوسێت:

من هێشتا ئەو کۆیلەیە نیم

لە مەزادخانەی "ژیان"دا

ئەوان پولێکی قەڵبیان پێدابم

جارێک نەبوومەتە دیلی پێ لە کۆتی تۆ "مردن"

نیما یوشیج دەڵێت: شیعر ئەو رووبارەیە کە هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئەندازەی پەرداخەکەی خۆی ئاوی لێبخواتەوە بەبآ ئەوەی لەئاوی رووبارەکە کەمبێتەوە، بەڵام حەوزە بچکۆلانەکان تەنها بەشی دەست و دەموچاوشۆرینێک دەکەن و بەس. واتە شاعیری راستەقینە و داهێنەر رووبارە نەک حەوزە بچکۆلانەکان. ئەزموونی بەرزانیش بە رووبارێک دەچێت، چونکە ئەگەر لەمرۆدا زەمەنی ئاوڕدانەوە مابێت لەشیعر ئەوا ئاوڕدانەوە لەئەزموونی بەرزان وخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە هێندەی راکێشانی کۆی ئەو رووبارەیە کە "نیما" شیعری پێدەچوێنێت بۆ نێو ژیانمان.

بیرکردنەوەی مرۆڤ لە مەرگ رەنگە بۆئەو خاڵە بگەرێتەوە کەمەرگ بوونێکی هەمیشەیی وبەردەوامی لەژیانی ئێمەدا هەیە، هەروەها بوونی مەرگ هێندە بوونێکی ساناش نیە، بەڵکو بوونێکی سامناک ومەترسیدارە. سوهراب دەڵێت: ئەگەر مەرگ نەبوایە دەستمان بەدوای شتێکی تردا دەگەڕا واتەبوونی مەرگ بۆتە هۆی ئەوەی لای ئێمە بێتەکەرەستەیەکی بیرکردنەوە لای بەرزانیش کەرەستەیەکی گەورەی بیرکردنەوە ونوسین مەرگە، کەچۆن لەسەرەتاوە ئەم حاڵەتەمان بۆ دووبار تەوزیفکرد، یان بەرزان زۆر ژیاندۆستە، یان پێچەوانەکەی کەپێموایە هێزی ژیاندۆستی بەرزان زیاترە، بۆیە باس لەمەرگیش دەکات تا ژیان بەچێژەوە بەرێ بکات چێژێک کەوەک خۆی دەڵێت: مرۆڤەکان تردەستیان پێی ناگات.

بەرلەکۆتای

ئەگەرچی زیاتر لە هەر رۆژگارێکی دی چاومان بڕیوەتە لەزەتی ژیان بەڵام لە هەموو کاتێک زیاتر لە حەقیقەتی ژیانەوە دوورین، ئەمڕۆ مرۆڤ هەوڵ دەدات بستێک زیاتر لەشوێن و ساتێک زیاتر لە زەمەن دیاری بکات. رەنگە هەر ئەم تەنگبوونەوەیەی ژیانیش بێت بەرزان ناچار بکات عەدەمیانە بیربکاتەوە وبنوسێت، چونکە رەنگدانەوەی مەرگ لەم شیعرە نوێیانەی بەرزاندا هێندەی بەرچاوە، کە ناکرێ راگوزار بەسەریدا تێپەڕبین.

گەشەسەندنی فەلسەفە و ئەدەبی بوونگەرایی لە خۆرئاوادا دەگەڕایەوە بۆ قەیرانی شوناس و کەوتنی ئەو بەهایانەی کە ژیاری پیشەسازی بەدیاری لەگەڵ خۆیدا بۆ خۆرئاوای هێنا دەکرێت بشڵێین (گەرچی بە سڵەوە دەیڵێین) هەرکاتێک هونەرمەندان و بیرمەندانی کۆمەڵگەیەک دەستەویەخەی مەسەلەکانی بوون و وجوود بوونەوە واتە ئەو کۆمەڵگایە دووچاری گێژاوی "قەیرانی شوناس" بووە، بۆیە دەکرێت شێعرەکانی بەرزان بەدەروازەیەکی نوێ بزانین بۆناسینی خودی خۆمان. بەتایبەتیش ئەم شیعرەکە هەر خوێنەرێک دەتوانین ناوی(بەرزان هەستیار) بسڕێتەوە وناوی خۆی بخاتە شوێنی ئەم گەمەیەش تاڕادەیەک گەمەیەکی جوانی شاعیرە کە دەیەوێت بەدنیای نوێ ئاشنامان بکات.

سەرچاوەکان:

1-بەرزان هەستیار، شیعری (کە بەرزان هەستیار-یش دەمرێت)، رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (591) رۆژی (2007/12/2).

2- سوهرابی سپهری، عاشق هەمیشە تەنیایە، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی (2006).

3-عەتا محەمەد، رۆمانی(گێلاسی خوێن)، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، ساڵی (2007).